

## کەوسەر هادی:

# راگەیاندن نازانێت هـ

کەوسەر هادی یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی هەڵبژاردەی عێراق بۆ تۆپی پێ لەسەر ئاستی کچان، ئەم یاریزانە لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ و لە یانەی مەسافی شاری بەغداد یاری دەکات، هەرچەندە لە رووی تەمەن بچووکە، بەڵام لە رووی ئاست و زیرەکیی نێو یاریگا یاریزانێکی لێهاتوو و ئاست بەرزە، دوای ئەوەی هەڵبژاردەی عێراق ئۆردوگایەکی مەشقی لە شاری هەولێر کردەوە بەپێویستمان زانی لە نزیکەوە دیمانەیەك، لەگەڵ یاریزانی ناوبراو ساز بدەین.

دیمانە: رێبین رەمزی

# ـەڵبژاردەیەک بۆ تۆپی پێی کچان هەیە

***چۆن دەڕوانییە ئاستی یاریی تۆپی پێی کچان لە عێراق؟**

- یاریی تۆپی پێی کچان لە عێراق لاوازە، هۆکارەکەشی بۆ بایەخ نەدان دەگەڕێتەوە، چونکە یاریزانی زۆر بەتوانا هەیە، بەڵام پێویستی بە گرنگیدانە و دەبێت ئۆردوگای مەشقی لە دەرەوەی عێراق بە بەردەوامی بۆیان بکرێتەوە، پێویستە بایەخمان پێ بدەن بۆ ئەوەی بتوانین دەستکەوتی گەورە بە دەستبهێنین.

*** کێشە و گرفتتان چییە؟**

-کێشە و گرفتمان زۆرە، لە رووی بایەخ نەدان، هەروەها دەبێت یەکێتیی تۆپی پێی عێراق زیاتر گرنگیمان پێ بدەن و کۆمەڵگاش گرفتێکی یەکجار گەورەیە، چونکە رێگە نادرێت ئافرەت بێتە نێو بواری تۆپی پێ و لە رووی جل و بەرگیشەوە کێشەمان هەیە و نەکردنەوەی ئۆردوگای مەشقی،بەڵام دەبێت گەشبین بین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم پێداویستیانە دابین بکرێت.

*** بۆچی کچە یاریزانەکان یاری لە تۆپی پێی بچووککراوە و تۆپی پێی سەر کەنارە دەریاییەکان و تۆپی پێی یاریگای گەورە ئەنجام دەدەن؟**

- هۆکاری بۆ کەمیی کچە یاریزان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر ژمارەی یاریزان زۆر بێت، ئەوە هەڵبژاردەی عێراق بۆ کەنارە دەریاییەکان بەتەنیا دەبێت بەهەمان شێوە بۆ تیپی یاریگای بچووککراوە و یاریگای گەورە.

*** چ بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی تۆپی پێی کچان پێشبکەوێت؟**

- دەبێت بایەخیان پێبدرێت لە رووی مادی و مەعنەوییەوە، هەروەها کردنەوەی ئۆردوگای مەشقی و ئەنجامدانی یاریی دۆستانە لەگەڵ هەڵبژاردە بەهێزەکان و بەردەوام بوون لەسەر مەشقکردن بەتایبەتی ئەنجامدانی مەشق لە یاریگای گەورە.

*** بۆچی ژمارەی کچە یاریزانەکانی تۆپی پێ کەمە؟**

- هەموو کچە یاریزانێك ناتوانێت بچێتە شارەکان بۆ نموونە کچە یاریزانەکانی کوردستان ناتوانن بێنە بەغداد بۆ ئۆردوگای مەشقی یاخود کچە یاریزانەکانی بەسرە و واست و شارەکانی تر ناتوانن بێنە کوردستان، بۆیە ناچار دەبین، ئۆردوگایەکی مەشقی لە بەغداد ئەنجام بدرێت تایبەت بە یاریزانەکانی نزیك لەم پارێزگایە، هەروەها ئۆردوگایەکی مەشقی لە کوردستان ئەنجام بدرێت بۆ کچە یاریزانەکانی ئەم ناوچەیە، دواتر هەڵبژاردەیەك پێك دەهێندرێت بۆ ئەوەی بەشداریی لە پاڵەوانێتییەکان بکرێت.

*** تا چەند یانەکان بایەخ بە تۆپی پێی کچان دەدەن؟**

- هەندێك یانە بایەخ بە تۆپی پێی کچان دەدەن تا رادەیەك هەندێك یانە هەیە، بایەخێکی یەکجار زۆر بە تۆپی پێی کچان دەدات زیاتر لە هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام نەبوونی خولێکی تایبەت بە تۆپی پێی کچان لە یاریگەی گەورە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە هەموو یانەکان نەتوانن گرنگی بە یارییەکە بدەن.

*** تا چەند کۆمەڵگا پشتگیری لە ئافرەت دەکات؟**

- گرفتی سەرەکیی دواکەوتنی وەرزش و تۆپی پێی کچان لە عێراق بۆ کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوان رێگرن لە پەیوەندی کردنی ئافرەت بە تۆپی پێ، بۆیە بەشێوەیەکی زەق دەبینین کچەیاریزان رۆژ لە دوای رۆژ روو لە کەمبوونەوە دەکات، بەڵام من سوپاسی دایك و باوکم دەکەم، کە ئەوان پشتگیرییەکی زۆرم دەکەن، بۆیە ئاستم رۆژ لە دوای رۆژ پێش دەکەوێت، ئەمەش بۆ پاڵپشتیی ئەوان دەگەڕێتەوە، ئەگەر هەموو خانەوادەیەك پشتگیریی کچەکەی خۆی بکات، ئەوە وەرزشی ئافرەتان پێش دەکەوێت، چونکە ئێمە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتواناین.



*** تا چەند راگەیاندن بایەخی بە ئێوە داوە؟**

- بەداخەوە راگەیاندن زۆر کەمتەرخەمە لە بایەخدان بە یاری تۆپی پێی کچان و بەهیچ شێوەیەك گرنگیمان پێ نادەن تا رادەیەك نازانن یاریزانی تۆپی پێی کچان هەیە!!!.

*** تا چەند هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراق پێویستی بە راهێنەری بیانی هەیە؟**

- بە گشتی یانەکان بەتایبەتی ئەو یانانەی، کە تیپی تۆپی پێی کچانیان هەیە، پێویستە راهێنەری بیانی بۆ تیپەکانیان بهێنن بۆ ئەوەی ئاستی کچان پێشبکەوێت، بۆ نموونە سەیری هەڵبژاردەی ئوردن بکەین، ئەوان لە رووی تۆپی پێ زۆر پێشکەوتوون، ئەمەش بۆ گرنگیی یەکێتیی تۆپی پێی ئوردن دەگەڕێتەوە، کە بایەخی بە هەڵبژاردەی کچان ئوردن داوە بەهێنانی راهێنەر بیانی، هەروەها پاڵپشتی کردنی یاریزانان لەهەموو روویەکەوە، هیوادارم بۆ ئێمەش راهێنەری بیانی بێنن بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگرین.



*** دوا وتەت چییە؟**

- هیوادارم هەموو لایەك پشتگیری لە یاری تۆپی پێی ئافرەتان بکەن بۆ ئەوەی پێشبکەوێت، چونکە ئێستا ئاستی ئافرەتان زۆر لاوازە و پێویستی بە هەموو جۆرە یارمەتییەك هەیە لە هەموو روویەکەوە.

# بایەرن میونیخ بۆندەکی لەگەڵ یاریزان دیڤد ئالابا نۆێکردەوە

یانەی بایەرن میونیخی ئەڵمانی رایگەیاند بۆندی یاریزانی ناوەراستی یانەکەی نەمسایی دیڤد ئالابا نوێکردەوە ئەمەش لەکاتێکدایە کە یانەی بەرشلۆنە ئارەزووەکی بەتینی هەبوو بۆ بەستنی گرێبەست لەگەڵ ئالابای تەمەن ٢١ساڵ. ئالابا لە ساڵی ٢٠٠٨ پەیوەندی بەیانەی بایەرن میونیخی پاڵەوانی ئەوروپا کرد و لەئێستاشدا تا ٢٠١٨ بۆندەکەی لەگەڵ ئەم یانەیە نوێکردەوە. لەمبارەیەوە ماڵپەری سپۆرتس مۆل بڵاویکردەوە ئالابا بەخۆشحاڵیەوە بۆندەکەی لەگەڵ یانەی بایەرن میونشن نوێکردەوە . کارل هاینز رۆمەنیگە سەرۆکی یانەی هەرێمی بەڤاریا ستایشی ئاستی یاریزان ئالابای کرد و دووپاتیکردەوە ئەم یاریزانە ئێستا یەکێکە لە باشترین یاریزانانی هێلی بەرگری لە خولەکانی ئەوروپا.







# باشترینەکانی لالیگا

یاریزانی ئەرژەنتینی یانەی بەرشــلۆنە لیونێل میسی توانی هەردوو خەڵاتی باشترین یاریزان لەخولی ئیسپانیا و باشترین هێرشــبەر بەدەســت بهێنێت کە خەڵاتەکانی لەلایەن لیژنەی سەرپەرشــتی خوولی ئیسپانی پلە یەك و پلە دوو بۆ وەرزی رابردووی ٢٠١٢-٢٠١٣ ساز کرا.
ئەمەو میسی توانی ببێتە گۆڵکاری لالیگا بە تۆمارکردنی ٤٦ گۆڵ و دوابەدوای ئەمیش هەریەك لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ هێرشبەری یانەی ریال مەدرید دێت بە تۆمارکردنی ٣٤ گۆڵ و دوای ئەمیش هێرشــبەری پێشووی سیڤیلیا و مانچستەر ســیتی لە ئێســتادا ئەلڤارۆ نیگریدۆ دێت، لەمەراســیمی دابەشــکردنی خەڵاتەکان ســاندرۆ رۆسیل ســەرۆکی یانەی بەرشــلۆنە بەنوێنەرایەتی میســی هەردوو خەڵاتی ناوبراوی وەرگرت، چونکە لەئێستادا میســی لەوڵاتەکەی خۆیەتی بۆ وەرگرتنی بەرنامەی چارەســەری ئــەو پێکانەی رووبەڕووی بۆتەوە.
لەلایەکی ترەوە هەر لەم ئاهەنگەدا یاریزان ئەندرێس ئەنیســتا خەڵاتی باشترین یاریزانی هێڵی ناوەراستی هێرشبەری وەرگرت و توانی بەسەر ئیسکۆی یاریزانی پێشووی مەلەگەو ئێستای ریال مەدرید و خیســوس ناڤاسی یاریزانی پێشووی سیڤیلیا و ئێستای مان ستی سەربەکەوێت.



# پێرلۆ بۆ ماوەی دوو مانگ دوور دەکەوێتەوە

یانەی یۆڤانتســی ئیتالی کە لەپلەی یەکەمی خولی یانەکانی ئیتالیا دێت دووچاری کێشــەیەکی گەورە هات بە هۆی پێکانی یاریزانی هێڵی ناوەراســت ئەندریا پێرلــۆ، پێرلۆ لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی ئۆدینیزی تووشــی پێکان هات و نەیتوانی یارییەکە تەواو بکات، دەستەی پزیشکانی یانەی خانمە پیرەکە ئەم هەواڵەیان دووپات کردەوەو رایانگەیاند پێکانی پێرلۆ لە جۆری داڕوشــانی ماســولکەی پلە دووە بەڵام ماوەی دوورکەوتنەوەی یاریزانی ناوبراویان دیاری نەکرد.

پێرلــۆ بۆ ماوەی ١٥ خولەك یاریکرد و یاریگای بەجێهێشــت و نەیتوانــی یارییەکە تەواو بکات، پێکانی لەم جۆرە بە بۆچوونی پســپۆران بەلانی کەم دوو مانگ پشووی پێویستە بۆ ئەوەی یاریزانەکە بگەڕێتەوە یاریگاکان، یۆڤانتس بە دوورکەوتنەوەی پێرلۆ هێڵی ناوەراستی تووشی کێشەیەکی گەورە دەبێت بە تایبەتی کە ئێســتا لەپلەی یەکەمی خولی ئیتالیا دێت و پێویستی بەیەك خاڵە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرامبەر یانەی گەلاتەسەرای تورکی بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغی دووەم .







# بۆ وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣

سەبارەت بەکریستیانۆ رۆناڵدۆش تەنیا یەك خەڵاتی پێ بەخشرا ئەمیش خەڵاتی یاریزانی نموونەیی بوو.

هەر لەدرێژەی ئاهەنگەکەدا دییگۆ سیمۆنی خەڵاتی باشترین راهێنەری خولی پلە یەکی بەدەستهێنا کە رابەرایەتی سەرکەوتنی تیپەکەی کردبوو لە بەدەســت هێنانی جامی ئیسپانیا و جامی سوپەری ئەورووپی.

دەربارەی باشــترین گۆڵپارێزیــش تیبۆ کورتــوا گۆڵپارێزی ئەتلەتیکــۆ مەدریــد و هەڵبژاردەی بەلژیــکا توانی خەڵاتی باشــترین گۆڵپارێز بەدەست بهێنێت و پێش هەریەك لە ڤیکتۆر ڤاڵدێــزی بەرشــلۆنە و ویلی کابابیــری گۆڵپارێزی مەلەگە بکەوێت، بەڵام ئیکەر کاســیاس خەڵاتی باشــترین یاریزانی یاری خاوێنی پێ بەخشرا. ئەمەو لەبەشێکی تری ئاهەنگی خەڵات دابەشــکردن بەسەر باشــترینەکان بۆ هێلی بەرگری سێرجیۆ رامۆس خەڵاتی باشــترین بەرگری وەرگرت دوای رکابەریەکــی بەهێز لەگەڵ بەرگریکاری یانەی بەرشــلۆنە جۆردی ئەلبا و ئینجیۆ مارتینیزی یانەی ریال سۆسیداد .
یاریزانی ئێســتای ریال مەدرید و پێشــووی ریال سۆسیداد ئیســێر ئیراماندی دوو خەڵاتی وەرگرت یەکەمیان خەڵاتی باشــترین یاریزانی هێلی ناوەراســتی بەرگریکار و دووەمیان خەڵاتی باشترین یاریزانی لاویشی وەرگرت .

## زەینەدین زیدان گاریس بیل باشترین یاریزانە

بەپێی نوێترین لێدوانی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی شاهانە زەینەدین زیدان لە ئێستادا یاریزان گاریس بیل دەتوانێت ببێتە باشترین یاریزان و بەسەر تواناکانی زیدانیش لەرابردوودا سەربکەوێت، زێدان بە رۆژنامەی دەیلی میل ڤانی راگەیاندوە گاریس بیل زۆر بەخێرایی دەرکەوتوو و رۆژ لەدوای رۆژ ئاستی لەهەڵکشانی بەردەوام دایە، ئەم لێدوانەی زێدان دوابەدوای ئەو ئاستە بەرزەی ناوبراو دێت لەیاریی یانەکەی بەرامبەر ڤەلەد وەلید کەتوانی هاتریك تۆمار بکات و بەئەنجامی ٤-٠ یاریەکە لەبەرژەوەندی یانەی شاهانە بەکۆتا بهێنێت. هەر لەدریژەی قسەکانیدا زینەدین زیدان وتی هیچ گومان و دڵە راوکێیەکم نیە لەبەرامبەر ئاستی گاریس بیل و دڵنیام و بڕوای تەواوم هەیە کە دەبێتە باشترین یاریزانی یانەی ریال مەدرید و لەمنیش چاکتر لەو یانەیە دەدرەوشێتەوە، چونکە خێراییەکی بێ وێنەی هەیە و کارامەیی تەواوی لە لێدانی راستەوخۆی جێگری هەیە.








ئەرسەلان جەلال:

## کێشەی سەرەکیمان نەبوونی توانایەکی باشی داراییە

هەر چەندە ئەرسەلان جەلال بەهۆی ئەو ئەنجامە خراپانەی کە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لەم وەرزی خولی نایابی کوردستان تۆماری کردبوو لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکە دوورخرایەوە، بەڵام دوای یەکلایی بوونەوەی چارەنووسی لەگەڵ یانەی پێشمەرگەدا، ئەرسەلان جەلالی یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سێلمانی بەفەرمی لەگەڵ یانەی شـــەهیدان ڕێککەوت بۆ ڕاهێنەرایەتی کردنی یانەی شـــەهیدانی شاری ڕانیە لە یارییەکانی خولی تۆپی پێی یانە پلە یەکەکانی کوردســـتان کە ئێســـتا یانەی شەهیدان خاوەنی ١٠خاڵە و لە پلەی پێنجەمی خولەکە دێت، لەبارەی وەرگرتنی پۆســـتی ڕاهێنەرایەتی یانەی شەهیدان ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: دوای وازهێنانم لە یانەی پێشـــمەرگەی سلێمانی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشـــی شەهیدان پەیوەندیان پێوە کردم بۆ ئەوەی ڕاهێنەرایەتیی یانەی شـــەهیدان بکەم لە یارییەکانی خولی تۆپی پێی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەرکەم وەرگرتـــووە بۆماوەی ســـێ مانگە تاکو کۆتایی هاتنـــی وەرزی نوێ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردســـتان بڕی گرێبەســـتەکەم ٤ملیۆن و٥٠٠هەزار دینارە و هیچ مووچەیەکی مانگانەم نییە جگە لەم پارەیە، گوتیشـــی هەموو هەوڵێکی ئێمە بەسەرخستنی یانەی شەهیدان دەبێت بۆخولی پلە نایابی یانەکانی کوردستان هەر چەندە ئێمە کێشەی گەورەمـــان هەیە لە ڕووی داراییەوە بەڵام لەڕووی ئاســـتی یاری کـــردن هیچمان کەمتر نییە لە یانەکانی تر لە نێو یاریگا هەموو ئەو تایبەتمەندیانەمان تێدایە کە ســـەربکەوین بۆخولی پلە نایاب، هیچ کێشـــەو گرفتێکیش لە نێو تیپەکەمان نییە هەوڵ دەدەین تیپێکی شاری ڕانیە لە خولی نایابی کوردستان یاری بکات.


## هەولـ

بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕەوشـــی وەرزش لـــە بەڕێوەبەرایەتی پـــەروەردەی قەزاکان لە سنوری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، لە هۆڵی چالاکیی و وەرزشـــی و دیدەوانی پەروەردەی گشـــتی هەولێر بەکر کەریم بەڕێوەبەری گشـــتیی پـــەروەردەی هەولێر لەگەڵ ســـەرجەم بەرپرسانی چالاکی و وەرزشـــی پەروەردەی قەزاکان کۆبووە بە بەمەبەســـتی خزمەتکردنی زیاتری ڕەوشی وەرزش لە نێو قوتابخانەکاندا لە سنوری هەر یازدە پەروەردەکە، سەرەتا بەڕێوەبەری گشـــتی تیشـــکی خستە ســـەر ڕۆڵی وەرزش لە قوتابخانەکان و گرنگیی وانەی وەرزشـــی لـــە نێو پۆلەکانداو

## یانەی هەڵـ

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی هەڵۆ ئاستی یاری کردنی وەکو پێویست نییە لە یارییەکانی ئەم وەرزی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و لە هەشت هەفتەی یاری کردنی یانەکە تەنیا حەوت خاڵیان کۆکردۆتەوەو لە پلەی ١٣هەمی یانەکان دێن، بۆ باشـــتر کردنی ئەنجامی یانەکەش دەستەی کارگێڕیی یانەکە بڕیاری دوورخستنەوەی مەحمود مەجیدی ڕاهێنەری یانەکەی دا، لە ئێستاشـــدا یانەی هەڵۆ بـــەدوای ڕاهێنەرێکی بەتوانادا





## ـــــێر دەبێتە خاوەن هۆڵێکی مۆدێرن

گوتیشـــی دەبێ هەموو پەروەردەی قەزاکان گرنگیی زیاتر بە وەرزش بـــدەن لە ناوچەکانی خۆیـــان و ئێمەش هەموو هەوڵێك دەخەینـــە گەڕ بۆ سەرخســـتنی ئاســـت و توانـــای قوتابی وەرزشـــکار لە نێو قوتابخانەکاندا،هەروەها هەموو پێداویستییەك بۆ قوتابیانی وەرزشـــکار فەراهەم بکەیـــن، هەموو پەروەردەکان هاوکاریی یەکتری بکەن بۆ پێدانـــی یاریزانان بە هەڵبژاردەی هەولێر دەمانەوێ ئاستی وەرزشی لە سنوری پەروەردەی گشتیی هەولێر بە هەر یازدە پەروەردەوە لە پێش هەموو ناوچەکانی دیکە بێت، هەر کێشـــەوگرفتێك هاتە پێشـــتان ئێمە دەرگامان لەسەر پشـــتە بۆخزمەت کردنی وەرزش، دواتریش بەرپرسی چالاکیی وەرزشـــی و دیدەوانیی پەروەردەی قەزاکان یەکە یەکە کێشـــەو گرفتەکانی خۆیان لە نەبوونی گۆڕەپانی وەرزشـــی و چەندین کێشـــەی تر خستەڕوو، ئەویش لەلایەن خۆیەوە وەڵامی سەرجەم داواکارییەکانی ئامادەبووانی دایەوە، لەکۆتایشـــدا بەڕێوەبەری گشـــتی موژدەی بە وەرزشـــکارانی قوتابیـــان داو گوتی لە ئێســـتادا هەموو کارەکانی دروســـت کردنی هۆڵی وەرزشی بۆ چالاکی و وەرزشـــی دیدەوانی هەولێر کۆتایـــی هاتووە تەنیا مـــاوە بدرێتەوە کۆمپانیای جێ بەجێـــکار و بەدیزاینێکی نوێ و ســـەردەمیانە بنیات دەنرێ.لە کۆتایشدا چەندین کەل و پەلی پێویستی وەرزشی بەسەر پەروەردەی قەزاکان دابەشکرا.



## ـــــۆ ڕاهێنەرێکی دیکە دەستنیشان دەکات

دەگەڕێت بۆ پڕکردنەوەی شـــوێنی ناوبراو، لە بارەی دووڕخســـتنەوەی ڕاهێنەریش ئەحمەد خەلیل ســـەرۆکی یانەی وەرزشی هەڵۆ بۆگۆڤاری گـــوڵان گوتی: یاریزانەکانمـــان ئەم وەرزە لەگەڵی ئاســـودە نەبوون لە یارییەکان وئەویش لەگەڵیان نەدەگونجا، هەر چەندە ئەو باســـی ئەوەی کردووە کە ئێمەدەســـتکاریی کاروباری هونەریی تیپەکەمان کردووە بەڵام ئەم جۆرە قســـانە دوورن لە ڕاســـتییەوە، ئێمە ١٢ ساڵە کە لەم یانەیەین هیچ کات دەســـتکاری کاروباری هونەریمان نەکردوە، ئێســـتا دینۆ یاریدەدەری یانەکە تیپەکە بەڕێوە دەبات تاکو دەســـت نیشان کردنی ڕاهێنەرێکی بەتوانا، چەندین ڕاهێنەریش پەیوەندیی بە ئێمەوە کردووە بۆ ڕاهێنەرایەتی، بەڵام ئێمە هەموو کەســـێك دەست نیشان ناکەین و پەلە لە هێنانی ڕاهێنەر ناکەین بەدوای کەســـێکی شارەزا و بە ئەزموونددا دەگەڕێین.

# هەڵبژاردەی کوڕان و کچانی سلێمانی پاڵەوانی گۆڕەپان ومەیدانی کوردستان بوون

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە شـــارەکانی کوردســـتان، یەکێتیی ناوەندیی گۆڕەپان و مەیدانی کوردســـتان هەڵســـا بە ئەنجامدانـــی پاڵەوانێتیی گۆڕەپـــان و مەیدانی هەڵبژاردەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردســـتان لە هەردوو ئاســـتی کوڕان و کچان بەبەشداریی هەریەك لە هەڵبژاردەی پارێزگاکانی (هەولێر، دهـــۆك، کەرکوك، ســـلێمانی) بۆماوەی یەك ڕۆژ لە شـــاری هەولێـــر لە یاریـــگای بنکـــەی وەرزش و لاوانـــی عەنکاوە یارییەکانـــی بەڕێوەچوو، کوڕو کچـــە یاریزانانی هەڵبژاردەی شـــارەکان ڕکابەری یەکترییان دەکرد لەســـەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشـــەوەی پاڵەوانێتییەکە، لـــە کۆتاییدا هەڵبژاردەی ســـلێمانی کوڕان و کچـــان یەکەمـــی پاڵەوانیەتیەکە بوون، لە بـــارەی ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکـــەش رزگارمەجید ئەندامی یەکێتیی ناوەندیی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان بۆ گۆڤاری گـــوڵان گوتی: ئێمـــە وەکو بەرنامەی ســـاڵانەی خۆمان ئەم پاڵەوانێتییەمـــان ئەنجامداوە، ئاســـتی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو چوار هەڵبژاردەی شـــارەکان بەشدارییان کردو هیچ کێشەو گرفتێکمـــان نەبوو بۆ ماوەی یەك ڕۆژ بەڕێوەچوو، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

ئاستی کوڕان –تیپ
١-سلێمانی
٢-کەرکوك
٣-دهۆك

ئاستی کچان-تیپ
١-سلێمانی
٢-هەولێر
٣-کەرکوك

ئەنجامی بەشێك لەیاریزانان

ئاستی کوڕان کە پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە
(داســـتان جەمال ڕاکردنی ١٠٠م، کەیوان تۆفیق یەك باز، نزار ئەکرەم سێ باز،نەشوان یاوەر ٨٠٠م).

ئاستی کچان ئەوانەی پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە
(شیلان حوسێن هەڵدانی دیسك، شەمام سەمەد١٠٠م، شێنێ عەزیز٨٠٠م،نور محەمەد هەڵدانی ڕم).